جەواد جەعفەر شارەزا و راهێنەر و یاریزانی لەشجوانی:

# داوکارم پاڵەوانیەتی بەهێزترین پیاوانی کوردستان بکرێتەوە

**هەولێری پایتەختی کوردستان یەکێکە لەو شارانەی کە خاوەنی چەندین یاریزانی بەتوانایە لە یارییە جۆراوجۆرەکانی وەرزشی، یاری لەشجوانیش بە شێوەیەکی بەرچاو لەو شارە پەرەی سەندووە و چەندین هۆڵی وەرزشی خولیای یاریزانانی لاوی بۆ ئەم یارییە راکێشاوە، یەکێک لەم یاریزانە بەتوانایانەش کە خاوەنی چەندین ئەنجام و بڕوانامەی جیهانییە، جەواد جەعفەر یابەیە کە لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٤ و دەرچووی بەشی ئەکادیمیای بەشی خۆراکە لە وڵاتی ئەڵمانیا و شارەزایە لە بواری دابەزاندن و زیادکردنی کێش، ئێستا خەریکی تەواوکردنی بەرزترین بڕوانامەیە لە دەرەوەی وڵات، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد، ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

دیمانە: کارزان کانەبی

*** بە شێوەیەکی گشتی ئاستی یاری لەشجوانی لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- بە راستی ئەوەی کە من دەیبینم بە دوو شێوازە، یان ئەوەتا ئەو کەسە پاڵەوانە و خاوەن ئەزموونە و ئەزموونەکەی خۆی سەرف ناکات، واتە شارەزاییەکی باشی لەم یارییە هەیە و کەس پێ ڕاناگەینێ، یان ئەوەتا ئیرەیی هەیە و کەس پێی خۆش نییە کەسێکی دی لەو لەپێشتر بێت و سەرکەوێت، بۆیە بە هەردوو لایەنی باش و خراپی دەبینم.

*** وەکو پاڵەوانێك، پێتوایە بۆ بەرەوپێش چوونی ئەم یارییە دەبێت چی بکرێت؟**

- سەرەتا پێویستە گۆڕانکارییەك بکرێت لەم وەرزشە، چونکە چەندین کەس هەیە لەم یەکێتییە وەرزشییە چەندین ساڵە لە شوێنی خۆیان ماونەتەوە و دەبیت گۆڕانکاری بکرێت، جگە لەوەش کردنەوەی خولی بەهێز کەوا کەسی ئەزموونەدار و پاڵەوان لە دەرەوە بهێنن، هەر چەندە پاڵەوانی ناوخۆشمان هەیە، هەروەها پێویستە خولەکە لە دە رۆژ زیاتر نەبێت و شتی گرنگ بێت، نەك وەکو ئەو خولەی کە بۆ ماوەی تەنیا دە رۆژ دەکرێتەوە بڕوانامەی پێ دەدرێت، ئەدی ئەوەی کە زۆر دەمێکە لە نێو ئەم یارییە بەو دەڵێن چی؟

*** کردنەوەی پاڵەوانێتی ساڵانە یەك جار ئایا دەبێتە هۆکار بۆ پێشوەچوونی ئەم یارییە؟**

- پێویستە ساڵانە چەندین پاڵەوانیەتی بکرێتەوە، هەروەها پێوستە ئەو ناوبژیوانانەی یارییەکان بەڕێوەدەبن، سوێند بدرێن بەر لە پاڵەوانیەتییەکە، چونکە زۆربەی جار لە پاڵەوانیەتییەکان کێشە دروست دەبێت، واتە بەر لە دابەزینی یاریزانەکە ئەنجامەکەی لایە و پێیان گوتووە، ئەوە راستییەکە و ناتوانین خۆمانی لێ بشارینەوە، خولەکان بەشێوەیەکی ئەکادیمی بکرێت، ئەگەر ساڵی یەك جاریش بێت، من پێم باشە ساڵانە دوو تا سێ جار، ئەوە زۆر زۆر باشە، بەڵام بە مەرجێك ناوبژیوانەکان دادپەروەر بن، نەك هەر کەسەو یاریزانی خۆی بە یەکەم بکات.

*** گرفتی یاری لەشجوانی زیاتر لە چیدا دەبینی؟**

- زۆر کەس ئەم یارییەی وەکو پەمپی هەوا تێگەیشتووە، هەرکەس دەڵێ من دوو پرۆتین بخۆم، لەشم هەڵدەستێت، یاریی لەشجوانی یارییەکی تا بڵێی ترسناکە، لەلایەکی تریش راستە ئەم یارییە دووەم یارییە لە دوای تۆپی پێ، بەڵام دەبێت بە شێوەیەکی ئەکادیمی بچیت بە دوای ئەم یارییە و خۆت ماندوو بکەی و خشتەی خواردنت ئەو مادانەی کە بەکاری دەهێنی، زانستی بێت. دەبێت حکومەت لە رێگای وەزارەتی تەندروستییەوە کۆنترۆڵی جۆری ئەم مادانە بکات، ئەو کات هاوردە بکرێت و یاریزان بەکاری بێنێت، من پێم باشە ئەوەی ئەو ماددانە بەکار دەهێنێ، سەرەتا بچێت سەردانی دکتۆرێك بکات، پشکنینی گشتی بکات، ئینجا بەکاری بهێنێت، ئەم یارییەش تێچووی زۆرە.

***کردنەوەی ئەم هۆڵانە تا چەند لایەنێکی بۆ خزمەتە و چەندی بۆ بازرگانییە؟**

- پێم خۆشە هۆڵ زیاتر بکرێتەوە، بەڵام بە چ شێوازێك؟ نابێت کەسێك بە ماوەی دە رۆژ خولێکی بینیوە و بڕوانامەیەکی دراوەتێ، هۆڵێك بکاتەوە، ئەوە لە هیچ یاسایەك نییە، چونکە ئەو کەسە نە پاڵەوانە، نە دەتوانێ لەشی خۆی جوان بکات، بڕیاری ئەو یارییەی ئێمە لای ئەنجومەنی وەزیرانە نەك دوو سێ کەس کە بە لامەرکەزی بڕیار بدەن، ئەو هۆڵانەش زیاتر بە لایەنی بازرگانی دەبینم لە لایەنی وەرزشییەکەی، چونکە زۆر هۆڵ رێنماییەکانی تەواو نییە و خاوەن پارەیەك، یان بە هاوکاری چەند کەسێك کردوویەتەوە.

*** هەست ناکەی ئێستا ئەم یارییە زیاتر لە ناو چینی گەنجان پەرەی سەندووە؟**

-راستە ژمارەیەکی زۆر گەنجان دێنە ئەم ناو ئەم یارییە، بەڵام لە سەرەتای هاتنە ناو یارییەکە داوای مادەی هۆرمۆنات دەکەن کە زۆر مەترسیدارە، هەندێك کەس هەن

هۆرمۆنـی ئاژەڵیـش دەفرۆشـن، مـن وەکـو یاریزانێـك بـەکاری دەهێنـم، بـەڵام بەهیـچ کەسـێك ناڵێـم بـەکاری بهێنـن، چونکـە چەندیـن جۆر دەرمـان هەیـە، ئـەم یارییـەش یارییەکـی ئۆلۆمپـی نییـە لەبـەر بەکارهێنانـی منشـیتات.

*** بەرنامەت بۆ داهاتووت چییە؟**

-ئـەوەی راسـتی بێـت، بەرنامـەم یەکجـار زۆرە، چ بـۆ وەرزشـەکەم و چ بـۆ خوێندنەکـەم، پەنـا بـە خـودای گـەورە لـەم ماوەیـە هەمـووی بەدەسـت دەهێنـم.

*** بڕیاری وازهێنانی یەکجاریت لەم یارییە نەداوە؟**

- نەخێـر، ئـەم یارییـە لەگـەڵ خوێنـم تێکـەڵ بـووە. ئـەو یاریزانـەی کـە یاریـش دەکات، حەزدەکـەم بـە شـێوازێکی ئەکادیمـی یـاری بـکات و بیـر لـەوە نەکاتـەوە لـە سـەرەتا دەرزی و مـاددە بـەکار بهێنێت و پێویسـتە لـەم بارەیـەوە سـەردانی کەسـی پسـپۆڕ بـکات.

***لە ئێستادا خۆت بۆ چی ئامادە دەکەی؟**

- لـە دوای مانگـی ڕەمـەزان ئامادەکاریـی خـۆم دەسـت پـێ دەکـەم، بـەڵام نامـەوێ جارێـك نـاوی پاڵەوانیەتییەکـە ئاشـکرا بکـەم.

***کردنەوەی ئەم هەموو هۆڵە تا چەند تەندروستە؟**

- مـن خـۆم بینیومـە یاریـزان هاتـووە بـە پانتـۆڵ یـاری کـردووە، یاخـود بەکارهێنانـی جلـی نایلـۆن، ئـەوەش تەندروسـت نییـە، پێویسـتە لەسـەر ئـەو کەسـانەی کـە راهێنـەرن لـە هۆڵـەکان ئامۆژگاریـی ئـەو کەسانە بکـەن کـە دێنـە هۆڵـەکان، بـا جلوبـەرگ و پێـڵاوی وەرزشـی لەبـەر بکـەن، چونکـە ئـەو چینانـەی کـە دێنـە هۆڵـەکان چەنـد جۆرێکـن هـەر یەکـەو بـۆ مەبەسـتێك هاتـووە، ئەوجا بـۆ نەخۆشـی، یـان بـۆ کەمکردنـەوەی کێش بـێ، هەروەهـا پاکوخاوێنـی لـە هەمـووی گرنگتـرە و دەبـێ هۆڵـەکان ئۆکسجین و دەستشـۆر و هەمـوو ئـەو شتانەی هەبێت.

***بەچ یاریزانێکی لەشجوانی لە جیهان سەرسامیت؟**


- بـە زۆر یاریـزان سەرسـام بـووم، بـەڵام ئێسـتا بـە یاریزانـی نێودەوڵەتـی فلهێـس سەرسـامم کـە خـاوەن لەشـێکی رێکـە و زۆر خـۆی بـەم یارییـە مانـدوو کـردووە.

***ماوەیەك بەشداری بەرنامەی بەهێزترین پیاوانی کوردستانت کردو بوویتە پاڵەوان، ئێستا هیچ بەرنامەیەك نییە بۆ ئەوەی کارێکی لەم جۆرە بکەن؟**

-داوکارم پاڵەوانیەتـی بەهێزتریـن پیاوانـی کوردسـتان بکرێتـەوە، جێـگای داخـە ئەوەنـدەی بزانـم ئامێرەکانیـش فرۆشـران، بـەڵام وەکـو خـۆم ئامـادەم ئـەم ئامێرانـە دروسـت بکـەم، بـە مەرجـێ: چەنـد لایەنێـك وەکـو سپۆنسـەر بتوانـن هـاوکاری بکـەن بـۆ ئـەوەی بتوانیـن بەرنامەکـە پێشـکەش بکەینـەوە، بەرنامەیەکـی زۆر سـەرکەوتوو بـوو، حەزدەکـەم دووبـارە بکرێتـەوە، چونکـە هێـز و توانـای کوردیـش بەدیـار دەکەوێت، ئەمـە یارییەکـە لـە هەمـوو جیهـان دەکـرێ، بەتایبەتـی لـە وڵاتـی ئەمریـکا، مـن بـە هەمـوو شـێوەیەك پاڵپشـتی ئـەم یارییـە دەکـەم.

***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- هیـوادارم ئـەم یارییـە زیاتـر پێـش بکەوێت لەسـەر ئاستی کوردستان و زۆر سـوپاس بـۆ گۆڤـاری گوڵانیـش کـە بـەردەوام لـە خزمەتـی وەرزشـکارانن بـە بـێ جیـاوازی.



# ڤالبوینا چووه تورکیا

یانەی لیۆنی فەرەنسی پەیوەندیکردنی ماتیۆ ڤالبوینای یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی یانەکەی بە فەنەرباخچەی تورکی ئاشکرا کرد.

یانەی لیۆن بڵاویکردووە، کە یاریزانی یانەکەی، ماتیۆ ڤالبوینا تەمەن ٣٢ ساڵ بە بڕی ١,٥ ملیۆن یۆرۆ و پاداشتی یەک ملیۆن یۆرۆ دەچێتە یانەی فەنەرباخچەی تورکی و هەفتەی ڕابردووش پشکنینی پزیشکی ئەنجامدا .

ڤالبوینا هاوینی ٢٠١٥ پەیوەندی کرد بە یانەی



# یانەی ڕۆما یەکەم گرێبەستی واژوو کرد

یانەی ڕۆما یەکەمین گرێبەستی لە هاوینی ئەمساڵدا واژوو کرد و هیکتۆر مۆرینۆی مەکسیکی لە یانەی ئایندهۆڤنی هۆڵەندی گواستەوە یانەکەی.

ئەنجامدانی ئەو گرێبەستە یەکەمین کاری ڕامۆن ڕۆدریگێو بێردیخۆ (مۆنچی) ئیسپانی و بەڕێوبەری نوێی یانەی ڕۆمایە لەگەڵ یانە ئیتاڵیەکە .

یانە ئیتاڵیەکە بڵاویکردەوە بە گرێبەستێک، کە ماوەکەی چوار ساڵە هیکتۆر مۆرینۆی کاپتنی هەڵبژاردەی مەکسیک لە یانەی ئایندهۆڤنەوە گواستەوە ریزەکانیان .

مۆرینۆ پێشتر لەخولی ئیسپانیا و لەیانەی ئیسپانیۆل یاریکردووە و ماوەی دوو وەرزە بە درێسی یانەی ئایندهۆڤنی هۆڵەندی یاری دەکات .

بەرگریکارە مەکسیکیەکە تا ئێستا ٧٩ یاری بۆ هەڵبژاردەی مەکسیک ئەنجامداوە و لە هەردوو مۆندیالی ٢٠١٠ و ٢٠١٤ دا بەشداریکردووە، لە ماوەی داهاتوودا لەگەڵ هەڵبژاردەی وڵاتەکەی بەشداری جامی کیشوەرەکان دەکات.



لیۆنی فەڕەنسی لەو کاتەدا خاوەنی بەرزترین مووچە بوو لە یانەکەدا، لە وەرزی ئەمسالیشدا ١٠ گۆڵی بۆ لیۆنی چوارەمی خولی فەڕەنسا تۆمارکرد .

ڤالبوینا لە ساڵانی ٢٠٠٦ – ٢٠١٤ بۆ یانەی مارسیلیا یاری کردووە و لە ٣٣١ یاری ٣٨ گۆڵی بۆ تۆمارکردووە، دواتر بۆ ماوەی وەرزێک بۆ یانەی دینامۆ مۆسکۆی رووسی یاریکردووەو لە ٤٠ یاریدا شەش گۆڵی تۆمارکردووە.

# یەکێتی تۆپی پێی ئەورووپا پێنج خەڵاتی زیاد کرد

یەکێتی تۆپی پێی ئەورووپا لە وەرزی ئەمساڵەوە پێنج خەڵاتی نوێ بۆ باشترینەکان زیاد دەکات.

یەکێتی تۆپی پێی ئەورووپا بڵاویکردەوە رۆژی ٢٤ی ئاب و لەسەروبەندی راکێشانی تیروپشکی قۆناغی کۆمەڵەکانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا و مەراسیمی خەڵاتی باشترینەکان پێنج خەڵاتی دیکەش دەبەخشێت.

یویفا بڵاویکردووە پێشتر تەنیا باشترین کوڕە یاریزان و کچە یاریزان خەڵات دەکران، بەڵام لە ئەمساڵەوە باشترین گۆڵپارێز و بەرگریکارو باشترین یاریزانی هێڵی ناوەڕاست و هێرشبەر لەگەڵ باشترین یاریزانی خولی ئەورووپی ناسراو بە یۆرۆپا لیگ دەستنیشان دەکەن.

دیاریکردنەکە لەلایەن ٥٥ رۆژنامەنووسی ئەورووپاوە دەبێت، کە سەر بە کۆمەڵەی ئەورووپی وەرزشی ناسراو بە (ESM)ـن و بە باشترین و دیارترین رۆژنامەنووسانی وەرزشیی ئەورووپا دادەنرێن.

پێشبینی دەکرێت رۆژی ٤ی ئاب ناوی پاڵێوراوەکان بۆ بردنەوەی خەڵاتەکان ئاشکرابکرێت.



# کاروان خزمەتی کەلار دەکات



دوای ئەوەی وەرزی رابردوو لە خولی پلە نایابی پێشمەرگەی کوردستان یانەی شێروانە بۆ یەکەمجار لە مێژووی یانەکە بە کوڕانی شارەکە و بە راهێنەرێکی لاوی شاری کەلار توانی پلەی سێیەمی خولەکە دەستەبەر بکات، بۆیە ئیدارەی یانەی شێروانەش تاکو ئێستا بە فەرمی قسەی لەسەر مانەوەی ئەم راهێنەرە لاوە نەکردووە بۆ ئەوەی ئایا لە وەرزی نوێ بە راهێنەری یانەکەی دەهێڵێتەوە، یاخود کەسێکی دیکە دەکەنە راهێنەر، لەم بارەشەوە کاروان محەمەد راهێنەری یانەی شێروانە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «وەرزی رابردوو توانیمان ئەنجامێکی دڵخۆشکەر بەدەست بهێنین، هەر چەندە ئامانجی ئێمە زیاتر بوو، بەڵام ئەنجامەکەمان وەکو پێویست بوو.» گوتیشی: «تاکو ئێستا ئیدارەی یانەکە قسەی لەگەڵ نەکردووم لەسەر پرسی بەردەوامبوون لە مەشقی یانەکە بۆ وەرزی نوێ لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان، بەڵام هەر کات ئەوان قسە بکەن، من ئامادەم خزمەتی یانەی شارەکەمان بکەم و هەرچی باش بێت لە پێناو خزمەتکردنی ئەو یانەیە ئەنجامی دەدەین.» گوتیشی: «شێروانە یانەیەکی باشە و خاوەن کۆمەڵێك یاریزانی بەتوانایە لەسەر ئاستی یانەکانی کوردستان، خۆیشم خەڵکی شارەکەم و دەمەوێت زۆرترین خزمەت بە یانەی شێروانە بکەم و هەرچی لە توانام بێت، پێشکەشی بکەم.»

# سلێمانی دەگەڕێتەوە خولی عێراق

دوای ئەوەی یەکێتی تۆپی پێی عێراقی نووسراوی فەرمی ئاراستەی هەریەك لە یانەکانی هەولێر و دهۆك وسلێمانی کرد بۆ ئەوەی رێکارە یاساییەکان تەواو بکەن لەو خاڵانەی کە یەکێتی ناوبراو بۆ یانەکانی داناوە، بۆیە ئەگەری زۆری هەیە یانەکانی کوردستان جارێکی دیکە بگەڕێنەوە نێو خولە گەورەکەی عێراق، یانەی سلێمانیش کە تاکە یانەی ناوچەکەیە ماوەیەکی زۆرە لە خولەکە دابڕاوە، ئێستا هەوڵ بۆ گەڕانەوەی دەدات، لەم بارەشەوە ئەندامێکی راگەیاندنی یانەی وەرزشی سلێمانی گوتی: «ئێمە لە ئێستاوە ئامادەکاری ئەوە دەکەین کەوا بتوانین کارێك بکەین بۆ گەڕانەوەمان بۆ خولی نایابی عێراقی ئەو داوایانەی فیدراسیۆنی تۆپی پێی عێراقی داوای کردووە، ئێمە جێبەجێی دەکەین، لە هەر ئەگەرێکیش فیدراسیۆنی عێراق رازی بووە بە کارەکانی ئێمە، ئێمەش ئامادەکاری ئەوەمان تێدایە کە بتوانین کارێك بکەین، دڵی هاندەرانی شاری سلێمانی خۆش بکەین، کە ماوەیەکی زۆرە لە خولەکە دوور کەوتوونەتەوە، بۆیە بەرنامەی زۆرمان دەبێت لە ئەگەری گەڕانەوەمان بۆ خولی نایابی عێراقی، چونکە ماوەیەکە چاوەڕوانی ئەوەین بگەڕێینەوە، جگە لەوەش بەڵێنی هاوکاری تەواومان پێدراوە لەلایەن داراییەوە بۆ ئەوەی بتوانین تیپێکی تۆکمە دروست بکەین و کێبڕکێ لەگەڵ یانەکانی عێراق بکەین و یاریزانی بەتوانا بهێنین بۆ ریزی یانەی سلێمانی.»

جێگای ئاماژە پێکردنە لە پاڵاوتنەکانی خولی پلەیەکی عێراقی بۆ سەرکەوتن بۆ ریزی یانە پلە نایابەکانی عێراقی یانەی سلێمانی لە کۆمەڵەی باکوور نەیتوانی پلێتی قۆناخی داهاتوو بەدەست بهێنێت.



# ڕێكار بڕیاری نەداوە

وەرزی رابردوو ڕێكار هاشم لە هەردوو خولی نایابی یانەكانی كوردستان و عێراقی بۆ هەردوو یانەی هەندرێن و هەولێر یاری كردو خاوەن ئاستێكی بەرز بوو وەكو یاریزانێكی لاو، دەركەوتنی لە خولی عێراقیش درەفتێكی باش بوو كە لەلایەن دەستەی راهێنەرانی هەڵبژاردەی لاوانی عێراقیش بانگهێشت كرا، بەڵام دوای كشانەوەی یانەی هەولێر لە خولی عێراقی، بۆ هیچ یانەیەكی عێراقی یاری نەكرد، لە ئێستاشدا ڕێكار هاشم لەگەڵ هیچ یانەیەك ڕێك نەكەوتووە، لەم بارەشەوە ئەو یاریزانەی یانەی هەندرێن بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «تاكو ئێستا هیچ بڕیارێكم نەداوە بۆ ئەوەی لە وەرزی نوێ یاری بۆ چ تیپێك بكەم، چونكە هێشتا خولی عێراقی و كوردستان ماوە بۆ ئەوەی وەرزی تازەی دەست پێبكاتەوە، هیوادارم لە وەرزی نوێ بتوانین ئاست و ئەنجامی باش پێشكەش بكەین لە خولەكانی كوردستان و عێراق.» لە بارەی هاتنی گرێبەستیش گوتی: «تاكو ئێستا هیچ قسەیەكم لەگەڵ هیچ یانەیەك نەكردووە بۆ وەرزی داهاتوو، بەهیوای ئەوەشم خولی كوردستان زیاتر بەرەوپێش بچێت و یانەكانی زیاتر ركابەری بكەن.»

